

# پلاكه سمارتەكان ك

یەكێك لە نوێترین گۆڕانكارییەكان كە لەداهاتوویەكی زۆر نزیكدا روو دەدەن، خانووی سمارتە.. خانووی زیرەكیش جگە لە سیستەمی كارەبا هیچ شتێكی دیكە بەرەو نوێبوونی نابات، واتە سیستەمی كارەبا دەگۆردرێت.. سەیر دەكەی بینایەك گلۆپ، سپیلیت، بەفرگر، تیڤی..تادی تێدایە، بەڵام لە هیچ شوێنێك پلاكێك نابیندرێ، سیستەمی كارەبا زیرەكە و لە رێگای مۆبایلەكانەوە كۆنترۆڵ دەكرێن، ئەوەی گۆڕانكارییەكەش دەكات پلاكە زیرەكەكان، لە خوارەوە ئاماژە بە رۆڵی ئەو پلاكانە دەكەین.

پلاكی زیرەك، هەمان پلاكی ئاساییە بەڵام بەشێوەیەكی هۆشمەندانە و لە رێگای دوورەوە دەكرێت كۆنترۆڵ بكرێن. بەكارهێنەر لەو سەری دنیا دەتوانێت تەلەڤزیۆنەكە بكوژێنێتەوە، هیتەرەكەی هەڵبكات، گلۆپەكانی ماڵ دابگیرسێنی و بكوژێنێتەوە..

پلاكە زیرەكان (Smart outlet) بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێن، بۆ نموونە دەكرێت بەیانییەك بەرلەوەی لەخەو هەستی بە مۆبایلەكەت سەماوەرەكە دابگیرسێنی، تەباخەكە هەڵبكەی، هەتا دەموچاوت دەشۆی ئاوەكە كوڵیبێ و نانەكە گەرم ببێتەوە.



# لاپتۆپی Vaio Z Flip ستایلێكی جیاواز له‌ لاپتۆپی دیكه

سەردەمێك زنجیرە لاپتۆپەكانی Vaioی سۆنی لەریزی باشترین لاپتۆپەكان دەهاتن، هێشتاش بە بەراورد بە زۆر لاپتۆپی دیكە لە پێشەنگدان.

لاتپۆپی كانورتیبل Z Flip یەكێكە لە لاپتۆپەكانی سۆنی، لاپتۆپێك كە ستایلەكەی لە گشت لاپتۆپێكی دیكە جیاوازە. بەشێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەوانەن:

پرۆسیسەری جۆری Core i5 و i7ی لەسەرە.

شاشەكەی بە كوالیتی QHDیە. ئەم لاپتۆپانە دوو جۆرن، جۆرێكیان وەك لاپتۆپی surface مایكرۆسۆفت وەك تەبلێت دەچن، كاتێك بەكارهێنەر دەبێت وەك تەبلێت سوودی لێوەربگرێ و دەبێ كیبۆردەكەی لێ جیا بكرێتەوە، جۆرێكی تریشیان وەك زنجیرەی لاپتۆپی yoga بەشێوەی ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیان دا دەسوڕێنەوە و پێویست ناكات كیبۆردەكە جیا بكرێتەوە.

لاپتۆپی جۆری Z Flip ئەوەیە كە بە هەردوو شێوەی ئاماژەمان پێدان دەكرێ سوودی لێوەربگری. وەك لاپتۆپێكی ئاسایی دەچێت بەڵام كاتێك دوگمەیەكی بچووك لێدەی شاشەكە دەكەوێتە سەر كیبۆردەكە، هەروەك لە وێنەكەدا دەبیندرێ. بەكارهێنەر سەربەستە چ شاشەكە لە بخاتە پشت كیبۆردەكە و بیكاتە تەبلێت، چ وەك لاپتۆپ سوودی لێوەربگرێ.

پێنووسێكی دیجیتاڵی لەگەڵدایە كە بۆ كاری گرافیكی زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی كاری فۆتۆشۆپ دەكەن، یان نیازیانە بە خەتی خۆیان لەسەر شاشەكە بنووسن گرنگە.

رامەكەی ١٦ گیگابایتە و میمۆرییەكەی ٥٢٦ گیگابایتە.



## ليلى گۆڕانكارى نوێ

دەتوانـی بەهـۆی ئـەو پلاكانـە كات بـۆ ئامێـرەكان دیـاری بكـەی، بـۆ نموونـە ئـەو كاتژمێـرە تەلەڤزیـۆن هەڵبكرێ و ئـەو كاتژمێرەش بكوژێتـەوە، كارێك بكـەی منداڵەكـەت كـە لـە ماڵیـش نەبێت نەتوانـێ تەلەڤزیـۆن زیـاد لـە كاتـی خـۆی بـەكار بێنـێ. لەنـاو پلاكەكانـدا هەسـتەوەرێك هەیـە كـە كۆنتڕۆڵـی وزە بـۆ ئامێرەكـە دەكات و ناهێڵێت ئامێـرەكان بـە وزەی زیـاد و كـەم تێـك بچـن.

بەشـێك لـە تایبەتمەنـدی پلاكـەكان جوانكارییـە لـە بینـادا، بـۆ نموونـە دەكرێـت شـوێنی پلاكـەكان هـەر هەمیشـە داپۆشـی یـان بەجۆرێـك لـە گـەڵ سـتایلی ماڵەكـە بیگونجێنـێ. هەروەهـا دەتوانـرێ بەهـۆی پلاكـە هۆشـمەندەكان بزانـدرێ كـە لـە مانگێكدا سـپیلیتەكە یا بەفرگرەكە چەندی كارەبا ویسـتووە، بۆ ئـەوەی بتوانی كۆنتڕۆڵـی وزەی كارەبـا بكـەی و تێچـووی زیاتـرت نەیەتـە سـەر.

هەروەهـا لـە بـواری ئەمنییـەوەش زۆر گرنگـە، منداڵـەكان هیـچ شـوێنێك نییـە كـە بزمـاری لێبـدەن یـان دەسـتكاری بكـەن، چونكـە سەرپۆشـێك بـە تـەواوی شـوێنی پلاكەكـە دادەپۆشـێ.



## هونەری شێوەکاری بەشێوەی دیجیتالی

دنیـای تەكنەلۆژیـای نـوێ گۆڕانـكاری بەسـەر هەمـوو شـتێكدا هێنـاوە و ئاسـانكاری تێـدا كـردووە، بەڵام وەك جاران چێژ لە كارە هونەرییەكانی بەشێوەی دیجیتالـی دەكرێـن وەرنا گیـردرێ، ئاوازدانەرێـك سـوود لە كۆمپیوتـەر وەردەگرێ، بـەڵام ئـەو چێژەی ئامێـرە كلاسییەكان هەیانە، ئەوانـەی خەریكـی خوێندنـەوەن، زیاتـر لـە كتێـب خوێندنـەوە سـوود وەرگرتـن نـەك خوێندنـەوە لەسـەر شاشـە.. هونـەری شـێوەكاریش بـە قەڵـەم و فڵچـە چێـژی زیاتـری هەیـە تادەگاتـە بـە قەڵەمـی دیجیتالـی، بـەڵام هەرچییـەك بـێ جیهانـە و گۆڕانـی بەسـەردا دێـت.


یەكێـك لـە ئامێـرە دیجیتاڵییـەكان كـە شـوێنی قەڵەمـی گرتۆتـەوە، قەڵەمـی Parblo A610یـە. قەڵەمـی ناوبـراو سـەرنج ڕاكێشـە، كاتێـك بەدەستییەوە دەگـری وەك قەڵەمێكـی ئاسـایی وایـە، هەشـت نووكـی لەگەڵـە، هەروەهـا سـتاندی قەڵەمەكـە و دەسـتەوانەیەكی دوو پەنجەیـی..

كێشـی قەڵەمەكـە ٢٦٠ گرامـە، مـەودای قەڵەمەكـە لـە شاشـەكە یـەك سـانتیمە. قەڵەمەكـە لەگـەڵ پرۆگرامەكانـی فۆتۆشـۆپ، ئۆتـۆكاد و سـكەیچ بـووك... دەگونجێـت. لەسـەر قەڵەمەكـە ١٠ دوگمـە هـەن كـە هەركامیـان دەكرێـت ئەركێكـی تایبەتیـان بـۆ دابنـدرێ.

## یەکەم مۆب



لە پێشانگای ساڵانەی MWCی کە تایبەت بە مۆبایل ڕێك دەخرێ، کۆمپانیای LG بۆ یەکەمجار مۆبایلێکی خۆی بەناوی ThinQ 5G خستەڕوو، مۆبایلێك کە لە خێراترین سیستەمی وەرگرتنی ئینتەرنێت واتە 5G سوود وەردەگرێ، هەرچەندە پێشوتر ڕکابەرەکانی واتە سامسۆنگ و هواوی ڕایانگەیاندبوو لەم تەکنەلۆژیەدا ئەمان یەکەمن، بەڵام LG بۆ خستنەبازاڕ یەکەم بوو.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت لاپەڕەیەکی پاوەر پوینت بەشێوەی ئاسۆیی واتە لاکێشەیی نیشان بدرێت؟

خوێنەری بەڕێز پاوەرپۆینت یەکێکە لەو پرۆگرامە گرنگانەی زنجیرەی مایکرۆسۆفت کە بۆ نیشاندانی زانیاری و ڕوونکردنەوە لەسەر داتاشۆیەکان سوودێکی زۆری لێوەردەگیردرێت، بەتایبەتی بۆ قوتابیانی زانکۆکان.

لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەبێ بڵێین، سەرەتا ئەو لاپەڕەیە بکەوە کە مەبەستتە بە شێوەی ئاسۆیی نیشان بدرێت و کلیکی لەسەر بکە، پاشان لەشریتی سەرەوە فەرمانی format هەڵبژێرە، دواتر لە بەشی Arrnge لەسەر فەرمانی Rotate کلیك بکە و لەنێو ئەوانەدا بەشی flip horizontal دیاری بکە. هەر لەو بەشەدا دەکرێ زۆر ئەرکی دیکەش ئەنجام بدەی.

## کامێرایەکی چاودێری زۆر بچووک

کامێرایەکی چاودێری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دۆزینەوەی تاوانەکان و ڕوونکردنەوەی شتە شاراوەکان. کامێرای چاودێری جۆری Blink-XT کە زۆر بچووکە و بەکارهێنەر دەتوانێت دە کامێرای وا بچووك لە زۆربەی شوێنەکان دابنێ، کەسیش هەست پێنەکات. ئەم کامێرایە لە ڕێگای ئەپێکەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت لەهەر جێگایەك بێت کامێراکە بکاتەوە و خۆی چاودێری شوێنەکە بکات، لەڕاستیدا کامێراکە بۆ دزی ناوخۆیی و چاودێری ناوخۆ گرنگە.

هەرجوڵەیەك لە شوێنەکە بێت لە ڕێگای هێڵی ئینتەرنێتەوە زەنگێکی ئاگادار کردنەوە بۆ مۆبایلی بەکارهێنەر دێت و کورتە فیلمێکی چەند چرکەیەکی ڕەوانە دەکات.

کامێرا چاودێرییەکە پێویستی بە شەحنکردنەوە و کارەبا نییە، دوو باتری بچووك (قەڵەمی) دەخرێتە سەر و هەتا دووساڵ پێویستی بە هیچ نییە.

بە پرۆگرامێکی تایبەت کە لەسەر هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئایفۆن دادەبەزن دەتوانرێ کۆنترۆڵی کامێراکە بکرێت. کامێراکە میمۆری و هاردی تایبەتی نییە، بەڵکو ئەوەی تۆماری دەکات لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بۆ ئەکاونتی تایبەتی خۆت بەبێ بەرامبەر ڕەوانە دەکرێن.



## داتاشۆیەک بەق

داتاشۆ یا ڤیدیۆ پرۆژکتەر، بۆ نیشاندان و خستنەڕووی کۆنفرانس و سمینارەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی وانەکان لە زانکۆکان، بۆ جێگرەوەیەکی باش بۆ سینەما و نیشاندانی فیلمەکان، گرنگی خۆی هەیە. داتاشۆکان بە زۆری قەبارەیان بەجۆرێکە کە بۆ هەڵگرتن نابن، چونکە کێش و قەبارەیان لە لاپتۆپێك گەورەترە.. بەڵام داتاشۆی جۆری CIN- EMOOD زۆر بچوکە بە جۆرێك کە لە مۆبایلێکیش بچووکترە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە.

ئەم مینی پرۆژکتەرە هۆشمەندە، بۆ منداڵان زۆر گونجاوە، بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت، کوالیتی نیشاندانی فول ئیچ دییە، مەودای نیشاندانی لە ٣ مەتر زیاترە، هیچ کێبڵێکی بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر یان پلاکی کارەبا نییە. خودی مینی پرۆژکتەرەکە

## ـــــــایلی 5G

هەرچەنـدە یەکەمجـار مۆبایلەکـە لـە وڵاتـە بەرهەمهێنەرەکـەی واتـە کۆریـای باشـوور خرایـە بـازاڕ.

بەشـێك لـە تایبەتمەنـدی مۆبایلەکـە ئەمانـەن: رامەکەی ٦ گیگابایتە، میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگایە و باترییەکـەی زۆر بەهێـزە. شاشـەی مۆبایلەکـە ٦,٤ ئینـدە و کوالیتـی نیشاندانی OLEDیـە. سێ کامێرا لـە پشـتەوەی مۆبایلەکـە دان، دوو ١٢ میگاپیسـکلی و یـەك ١٦ میگاپیکسـلی، لـە پێشـەوەی مۆبایلەکە دوو کامێرایــە، کامێرایەکــی ٥ میگاپیســکل و یەکـی ٨ میگاپیکسـل. خاڵـی جێگای سـەرنجی مۆبایلەکـە ئەوەیـە کـە شاشـەیەکی لاوەکـی بـە مۆبایلەکـەوە دەلکێنـدرێ، کـە دەکرێـت لەگـەڵ مۆبایلەکـە ببێتـە یـەك پارچـەو دەکرێـش سـەربەخۆ بەشـێك لـە پرۆگرامـی نـاو مۆبایلەکـە لەسـەر ئـەو بکرێنـەوە..




## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

یەکێـك لـەو گرفتانـەی کـە رەنگـە بـۆ زۆر کـەس هاتبێتـە پێـش، ئەویـش نەسـڕانەوەی هەندێـك پرۆگرامـە لەسـەر کۆمپیوتەرەکـەت، هەرچەنـدە دەچـی بـۆ کۆنتـرۆڵ پەنـەڵ و لەبەشـی سـڕینەوەی پرۆگرامەکانـدا هـەوڵ دەدەی پرۆگرامێـك بسـڕیەوە، بـەڵام ناسـڕێتەوە، بەتایبەتـی ئەنتـی ڤایرۆسـەکان کـە رێکەوتیـان بەسـەر دەچێـت.

پرۆگرامگەلێـك هـەن کـە دەتوانـن ئەرکـی سـڕینەوەی پرۆگرامـەکان ئەنجـام بـدەن، یەکێـك لـەو پرۆگرامانـە، Wise Program Uninstaller. بەهـۆی ئـەو پرۆگرامـەوە ئـەوەی نیـازت هەبـێ بیسـڕیەوە دەسـڕێتەوە و هیـچ شـوێنێك، یـان فایلێـك لـە پرۆگرامـە سـڕاوەکە بەجـێ نامێنـێ.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- کارکردن بە پرۆگرامەکە ئاسانە.
- سـڕینەوەی ئەنتـی ڤایرۆسـەکان و پرۆگرامـە سـەختەکان.
- سـڕینەوەی ئـەو پرۆگرامانـەی کـە بەبـێ ویسـتی بەکارهێنـەر دابەزیـون.
- خاوێنکردنەوەی زەینی کۆمپیوتەر.
- هیـچ پاشـماوەیەك لـە پرۆگرامـە سـڕاوەکان بەجـێ ناهێڵـێ.




## مـاڵپەڕێک بۆ دانان و هاوبەش کردنی ڤیدیۆکانتان

گـەر نیـازت هەیـە فایلـە ڤیدیۆیەکانـت لـە سـایتێکدا رابگری و هاوبەشی بکەی لەگەڵ کەسانی دیکە بـۆ ئـەوەی کـە زۆرترین کەس سـەیری بکـەن، تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی وەك فەیسـبوك و تێگلـرام و ئینسـتاگرام... تـاد ئـەم کارە دەکـەن. گرفتێـك لـە هاوبەشـی کردنـی فایلـە ڤیدیۆکان لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە پشـتیوانی لـە فایلی دووروودرێژ ناکـەن، بـۆ نموونـە ناکرێـت فایلێکـی گەورە لە فەیسـبوك دابنێی. بۆ دانانی ڤیدیۆکانتان و هاوبەشـکردنیان سـەر لە سـایتی https://sproutvideo.com/ بـدە. ماڵپەرەکە بە خۆراییە و تێچووی راگرتن و هاوبەشی کردنەکە وەرناگرێ. ماڵپەرەکە گرنگی زۆری بە ئەمنیەتی بەشـداربووەکانی دەدا. تەنانەت دەکرێت وای دابنێـی فایلـە ڤیدیۆکـەی تـۆ خەڵکی وڵاتێك نەتوانن سـەیری بکەن. گەلێك چوارچێوە و تێمی جوانی تێدایە و بەکارهێنەر دەتوانێ بە ویستی خۆی دەستکاریان بکات.




## ـــــــەد لەپی دەست

٤٠ کتێـب و ٢٥ فیلمـی تایبـەت بـە منداڵانـی تێدایـە، جگـە لـەوەش ٧٥ کارتۆنـی و ئەنیمەیشـن، گۆرانییەکانی تایبـەت بـە لایەلایـە و خەواندنـی منداڵانـی تێدایـە. میمـۆری نـاو پرۆژکتەرەکـە ١٦ گیگابایتـە.

کاتێـك مینـی پرۆژکتـەرە شـەحن دەبێتـەوە هەتـا ٥ کاتژمێـر شـەحنی دانابەزێـت، بـۆ گەشـت و سـەفەر زۆر گونجـاوە.